# شاعیری جوانەمەرگ و گەورەی کورد

# ئەحمەد موختار بەگی جاف ١٨٩٧-١٩٣٥

**عەبدولقادر شادی**



ئەحمەد موختار بەگی جاف، یەکێکە لەو شاعیرە بەرز و شۆڕشگێڕ و بەرزانەی کورد کە تاوەکو لەژیانی دابوو کۆمەڵێک ئەرک و سمبولی ژیانی تۆمار کرد. بەهۆنراوە بە سۆزەکانی شوێنێکی ڕەنگینی بۆخۆی بەجێهێشتووە لەئەدەبی کوردیدا، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە دەستێکی باڵای هەبوە لە نوسینی چیرۆکدا.

ئەحمەد موختار کوڕی عوسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشای جافە و باوکی بەگ و قایمقامی هەڵەبجە بووە، ئەو کوڕی عادیلە خانمی وەسمان پاشایە، لە منداڵیدا چاوی لە ناو کۆشکی پاشایەکی گەورە و بەویقار بەژیان هەڵهێناوەی، لەگەڵ دایکێکی کارامەو بلیمەت و برایەکی شاعیر و فەیلەسوفدا چاوی کراوەتەوە لەو ژیانە خۆش و پڕ لە شارستانیەت و مەدەنیەتدا گەورە بووە، لەسەرەتادا

له لای سلێمان بەگی کاتب و مەلا قادر مەلا موئمین و چەند مامۆستایەکی بەرزی تر له یەکێک لەژورەکانی ماڵی خۆیاندا دەرسی خوێندەواری فێربووە، هەروەها فێری سوار چاکی و تیر ئەندازی تفەنگچێتی بووە. هەمیشه لەگەڵ دایکی و تاهیر بەگی برایدا لەسەفەرەکان و هاتووچۆکاندا ژیانی بەڕێوه چووە، تاوەکو لەتەمەنی لاوی دا جوانه مەرگ دەبێت و بەناهەق لەکەناری سیروان دا کوژراوه له ساڵی ١٩٣٥، شاعیرمان لەتەمەنێکی مێرد منداڵیدا زمانی شیعر و هۆنراوەی پژاوە، هەروەها زۆر سەرکەوتوانەش هاتووەتە مەیدانی پیاوانەوەو هەر زوو دەرکەوتووە لەناو بەگزادەکان و عەشیرەتی گەورەی جافدا وەک ئەستێرەی ئاسمان درەوشاوەتەوەو کات وسات له پرشنگدانەوەدا بووە ، تاوەکو له وەختێک دابووە . هەموو بەگزادەو جافایەتی لەکەسایەتی ئەحمەد موختار جافدا کۆبووەتەوە.

هەندێ جار وردەکاری شاعیرانەی وا دەبینی له شیعر و هۆنراوەکانیدا که لای شاعیره گەورەکان یان لای هیچ کەس نایبینیت.

وێنەی شیعری وا هەست پێدەکەین لەدیوانەکەیدا کەتەنها (ئەحمەد موختار جاف) لەدەرونیدا گیشگڵەی داوه و پاشان بەبڵنگۆی چایخانه و کوردانه گەیاندویەتییه گوێی مرۆڤایەتی، وەک دەڵێ:

گڕپه و گڕەی تەنوره، بڵێسەی هەناوەکەم
سیروان و تانجەرۆیه خوڕەی ئاوی چاوەکەم
شێواوی زوڵفی خاوی کەسێکم منی هەژار
بۆ پێ پەشێوه ئێسته که بیری بڵاودەکەم
ڕۆژێ بەپێکەنینەوە، یار پێی وتم وەره
بۆ پاسی نیوه شەو، سەگی قوول و هەڵگەڕاوەکەم
ئەم کۆمەڵی گوڵاڵه کەسوره لەدەشت و کێو
ئاویان دراوه گشتی به خوێنی ڕژاوەکەم
تۆ بی خودا دەسا وەره ئەی نووری چاوەکەم
سارێژ که زامی لەت لەتی جەرگی بڕاوەکەم
یان لەشیعرێکی کەدا دەڵێ:

لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس مەزڵوم
بەگورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دورە، وا لەبەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتانە
هەموو ئان وسەعاتێ عەینی قەڵغان وسوپەرتانە
بە خۆڕای لە دەستی بەر مەدەن ئەم خاکە مەحبوبە
کە تۆزی وەک جەوهر ، سورمەو کوحلی بەسەر تانە
بەسەر چەرخا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە، ئەی کوردان
تەماشای سێبەری ئەم شاخ وکێوانەی لەسەرتانە
گوڵاڵەی سوری ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە!
دومێکە ئەم وڵاتە وائەسیری پەنجەی جەهلە
لەسایەی عیلمەوە ئیمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە
زمانی حاڵی (ئەحمەد) هەر ئەڵێ وریابن ئەی میللەت!
بزانن بەردی ئەم سەحرایە ئەڵماس وگەوهەرتانە.

بۆیە شاعیرمان لەم بابەتانەوە بۆمبای خەیاڵی بەرزتر ئەتەقێتەوە و فەلسەفەی ئەندێشەو خەیاڵاتی باشتر ڕووندەکاتەوە.

شایەنی وتنە ئەحمەد موختار جاف تەقەی داوە لەتەوەرەیەکی تری ژانری ئەدەبی و لەوێشدا بۆ جارێکی تر سەرکەوتوانە ئەو ڕێگایەی بڕیوە، ئەویش بواری چیرۆکە، بۆیە دەستی داوەتە چیرۆکنوسین لەچیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) پەیامی ئەدەبی و ڕەخنەیی و ئیعلامی خۆی گەیاندووە و لەم چیرۆکەشدا شوێنێک ناونجی هەیە، واتە لەنێوان ڕۆمان وکورتە چیرۆکدایە و ئەمەش چیرۆکی درێژی پێدەڵێن و ئەم بابەتەش لەزمانی ئەوروپیدا پێی دەڵێن: Nouvelle (porist) story چیرۆکی لەم بابەتەش بەشێوەیەک دائەڕێژرێت کە ڕووداوەکانی ماوەیەکی دوور و درێژ داگیردەکەن لەیەک یان دوو کسدا باسەکە تەواو دەبێت.

ئەم سەرگوشتە و چیرۆکەی (ئەحمەد موختار جاف) نوسیویەتی قارەمانەکانی

لەیەک دو کەس زیاترە و هەمەڕەنگن لە پایەی کۆمەڵایەتی و خوڕەوشتیاندا.
هەروەها سەرکەوتنی چیرۆک نوسیش لەوەدایە کەچۆنیەتی پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکەکە هەڵبژێریَ و دایان بنێت کە ئەحمەد موختاریش لەمەدا بەڕاستی نمونەی پیشانداوە لە چیرۆکەکەیدا.
هەروەها گفتوگۆ کردنەکانیشی بەشێوەی زۆر جوان بەستوەتەوە بە یەکەوە و نوسیویەتیەوە. باش قوڵبووەتەوە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان و نەفسیەتی کەسەکانی دیاری کردووە و هاوبەشی کردوە لە لەدەستدانی ویژدان و ئابڕوویاندا.
ئەم مەسەلەی ویژدانەش کە (ئەحمەد موختار جاف) لەو ڕۆژگارەدا وروژاندویەتی لەڕاستیدا کودەتا و شۆڕشێک بووە بە گوێی کاربەدەست و بەرپرسەکاندا دراوە هەر وەکو چۆن بەگوێی گشت هاوڵاتیاندا دراوە.
هەروەها چیرۆکەکەش لە گیانێکی ئازادانەی شۆڕش گێڕانەدا هەڵقوڵیوە و لە دایکبووە




فۆتۆ: ستاف

و بەم شاکارەی تر (ئەحمەد موختار) دەبێتەوە بەپێشەنگ و جارێکی تر لە ژانری ئەدەبیدا هێز بە بەریا دەچەسپێت، ئەمە گەر تەنها بوارە ئەدەبیەکەی بژمێرین. دەنا گەر لەوەوە بڕوانین (ئەحمەد موختار جاف) وەک بەگزادەیەک ئەژمار بکەین. ئەوە جارێکی تر کودەتایەکی گەورە و پڕ لەبەرنامە ڕێژییە بەسەر سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕزیوی مۆدەی چەرخی ڕابردووە.

ماوەتەوە بڵێین: نوسەران و توێژەرەوان لەسەر ئەم چیرۆکە و چیرۆکی (لەخەومدا) ی جەمال سائیب وتووێژیان زۆر کردووە و باسی یەکەم چیرۆک یان کردووە. ئایا چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) یەکەم چیرۆکی کوردیە یان (لە خەومدا)ی جەمال سائیب؟ لەدواتر گەیشتونەتە ئەوەی کە بڵێن: یەکەمین چیرۆکی کوردی، چیرۆکی لەخەومدای جەمال سائیبە، بەڵام گەر (مەسەلەی ویژدان) لەکاتی خۆیدا چاپ و بڵاو بکرابایەوە ئەوە (مەسەلەی ویژدان) یەکەمین چیرۆکی کوردی ئەبوو.

ئێمە لێرەدا گرنگ نییە کامیان یەکەمین چیۆکی کوردیە، گرنگ ئەوەیە چیرۆکی کوردی بوارێکی باشی بڕیوە و کوردەواری ژانری ئەدەبدۆستی تیادا بووە و ئەو بوارەی بڕیوە و کەسانی بلیمەت و پێشەنگی گەورەی تیادا هەڵکەوتووە، ئەمەش گرنگی چیرۆکەکەمان بۆ دیاری دەکات، واتا چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار بەگی جاف.

ئەحمەد موختار جاف

ئەم ڕۆژانە لە ژیانی داهاتووە:

*١٨٩٨ لەهەڵەبجە لەدایک بووە.

*١٩١٩- ١٩٢٢ قائیمقامی هەڵەبجەبووە.

*١٩٢٢ لە خولی یەکەمی پەڕلەمانی ئێراقدا بەشداری کردوە.

*١٩٢٨ لەخولی سێهەمی پەڕلەمانی عێراقدا بەشداری کردووە، وەک نوێنەری شاری سلێمانی.

*١٩٣٤ لەگەڵ چەند هاوەڵێکی چەک داریدا دەدەنە شاخ و لەمیر یاخی دەبن.

*١٩٣٥ لەسەر ڕوباری سیروان لەنزیک گوندی مۆردینەوە شەهید دەکرێت و دواتر جەنازەکەی دەهێننەوە بۆ گۆڕستانی عەبابەیلێ و لەنزیک دایکی (عادیلە خانم) و تاهیر بەگی برایدا دەنێژرێت.